وەشانی ١ | ڕەزبەری ٢٧٢٢

# شۆڕشی ژینا

تایبەتنامەی شۆڕش و ڕاپەڕینی کوردستان

@JINAREVOLTKURDISTAN

# ئانتاگۆنیسمی گوتاریی "ژینا" و "مەهسا"!



**ناو و ناوی مرۆڤ وەک ناسێنە و دیاریکردنی هەویەتی تاکەکەسی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا تەنیا بە هەڵبژاردنی وشەیەک لە وشەدانی زمانی ئەو کۆمەڵگەیەدا بەشێوەی هەڵکەوت ڕوو نادات. لەبەر ئەوەی زمان خۆی دەرکەوتێکی بە هەڵکەوت نییە، بەڵکوو دەربڕی کۆمەڵێک فاکتۆری پێکەوە بەستراوی ژیانی بە کۆمەڵی نەتەوەیەک لەناو کلتوورێکی مێژووییدایە. کولتوورێک کە پەیوەستە بە سروشت، شێوازی ژیان و هەموو ئەو ڕووداو و بەسەرهاتە بە کۆمەڵانەی کە لە ئاکامدا دەبنە ناسێنەی ئەمرۆژینی نەتەوەیەک.**

"ژینا" تەنیا ناوێکی فەرمی یان نافەرمی نییە کە بشێ لە ناو هەر نەتەوەیەکدا و لەناو هەر زمانێکدا بۆ ژن کەڵکی لێ وەربگیرێت لەبەر ئەوەی زەینی بە کۆمەڵی هەموو نەتەوەیەک ناتوانێ لەگەڵ ڕۆحی جەستەی پێکەوە لکاوی پیتە پێکهێنەرەکانی، مۆسیقای دەروونی و مانا و تەنانەت فۆنێتیکی ئەو ناوەدا پەیوەندی بگرێت. بەڵام هیچ کوردێک لە بیستنی ناوی ژینا ڕاناچڵەکێت و پێویستی بە پرسیار لە خۆ کردن و گەڕان بەشوێن مانا و ناوەڕۆکی ناوەکەدا نییە، چونکە پەیوەندییەکە پەیوەندییەکی سروشتییە وەک چۆن ڕسکانی بەروو لە سەر خاکی کوردستان پێویستی بە پرسیار کردن نییە.

کەواتە ژینا ناوێکی ئاسایی بۆ ژنانی کوردستانە. هەمان ئەو کوردستانە کە دەشێ چیەتی، جێگە و پێگە و ڕوانینی کولتووریی نەتەوەیی لەسەر بنەمای ئەدەبی زارەکی، ئەدەبی نفیساری، دیاردە کلتوورییەکانی وەک جلوبەرگ، هەڵپەڕکێ، دەنگبێژی و موزیک بۆ واتای "ژن" تیایدا دەستنیشان بکرێت.

بە سەرنج دان بەوە کە سیستەمی کۆمەڵایەتی لە قۆناغی مۆدێرنی ژیانی مرۆڤ تەنیا پەیوەست نییە بە کلتووری ناوخۆییەوە بەڵکوو دیاردەی دەوڵەت و دامودەزگاکانی ڕۆڵی سەرەکی لە پێناسەکردنەوە، تایبەتمەندی بەخشین و هەڵسوکەوتی ڕەگەزە مرۆییەکان لەگەڵ یەکتردا دەگێڕن، ئیتر ئەوەیکە لەمڕۆدا لە کوردستان وەک کلتوور دەردەکەوێ دیاردەیەکی پاک و خۆکرد نییە بەڵکوو دەرکەوتەکەی زیاتر بەرهەمی کارلێکی نێوان دەزگای دەوڵەت و خودی کلتووری کۆمەڵایەتییە.

دەوڵەتی زاڵ بەسەر کوردستاندا دەوڵەتێکی داگیرکەرە و داگیرکەرییەکانی تەنیا بەشێوازی کۆلۆنیالیزمی کلاسیکی ئورووپایی لەسەر زەوین و

## سەروتار

### بۆچی "شۆڕشی ژینا" !

شەقامەکان پێویستیان بە تۆمارکردنە و تۆمارکردنەکان پێویستە لە دروشم و دەنگی هەڵبراوی گەنجانی ڕاپەڕیوەوە ببنە هەوێنی هزرین و هزرینەکان دەبێ وەبەرهێنەری مەعریفەی پەیوەست بە خۆیان بن. وەبەرهێنانی مەعریفەی شۆڕش پێویستی بە دیسکۆرسێک هەیە کە خۆی تەنیا لە شرۆڤەی ڕووداوەکاندا نەبینێتەوە بەڵکوو ڕووداوەکان لە دەرۆچەی پارادایمێکەوە بخوێنێتەوە کە هاوکات لەگەڵ دابینکردنی کەرەستەکانی لێکدانەوە و خوێندنەوە، یارمەتیدەر بێت بۆ دیاریکردنی ئامانجی شۆڕش و لەبارکردنی دەرفەت بۆ دارشتنی تاکتیک و هەروەها ستراتێژیی شۆڕش. تایبەتنامەی "شۆڕشی ژینا" دەبێتە پلاتفۆرمی ئەو قەڵەمانەی شۆڕش کە لە پارادایمی کوردستانیبوونەوە هەوڵی بینین، خوێندنەوە و لێکدانەوەی دیسکۆرسیڤی شەقامەکانی کوردستان و ئێران دەدەن.

واتە ڕووداوەکان بەتەنیا پەیوەست نابن بە شوێن و کاتەوە بەڵکوو هەڵسوکەوتی ڕێفلێکسیڤی ئێمە لەگەڵیان دەتوانێ ئاستی قووڵایی، بەرینایی و درێژایی هۆکارەکانی شۆڕش، ئامراز و هەروەها بەربەستەکانی بەردەوامی و دوورەدیمەنەکان ڕوونتر بکاتەوە.

ئەوەی لەسەر شەقام ڕوو دەدات پەرچەکرداری نەوەیەکە کە ستەم و داگیرکاریی لەسەر گۆشت و خوێن و ناخ و کەسایەتیی خۆی ئەزموون کردووە و ئەمرۆ ڕقی پەنگ خواردووی خۆی دەڕێژێت، بەڵام ئەوە بەس نییە بۆ دارشتنی دوورەدیمەنی داهاتوو. ئەوەیکە داهاتووی شۆڕش چۆن بێت پەیوەستە بە پارادایمی زاڵ بەسەر شێوازی ژیان و هزرین، دەربڕین و کرداری ئێمەدا. ئەوەیکە ئێستا پێویستە، ڕوون کردنەوە و چوارچێوەبەستکردنی پارادایم، دیسکۆرس، ستراتێژی و تاکتیکەکانە بۆ ئەنجامگیرییەکی وەها کە لە گەورەترین ئاستدا زەروورەت، ویست و خواستەکانی نەوەی ڕاپەڕیوی ئێستا لەخۆیدا جێ بکاتەوە.

تایبەتنامەی "شۆڕشی ژینا" بانگهێشتی هەموو ئەو قەڵەمانەی کوردستان دەکات کە داهاتووی ئەم ڕاپەڕینە وەک ڕزگاری کوردستان لە بندەستی و ئازادی مرۆڤی کوردستانی وێنا دەکەن.

■

خاک نییە بەڵکوو بەرهەمی هەزاران پڕۆژەی سڕینەوە و لە ناوەڕۆک بەتاڵ کردنەوە و ئاسیمیلاسیۆن و گۆڕینی بەهاکان و بەگشتی داگیرکردنی ئێپیستمەی کوردستانییە کە یەک لە دەرکەوتەکانی هەمان تەرجومە کردنەوەی "ژینا" لە قەڵافەتی "مەهسا"دایە بە هەموو تایبەتمەندییە ناکوردستانییەکانیەوە.

"مەهسا" جیا لەوە کە بەرهەمی زمانی ئێرانی-فارسییە، نوێنەری کەسایەتیی ژنی رابردووی 43 ساڵەی ئێرانە. ژنێک کە وەک رەگەز و جەستە پێناسەیەکی ئایدیۆلۆژیک و سیاسیی تیۆکراییکی دراوەتە پاڵ. جەستەی ژنی ئێرانی سیاسیترین و ئایدیۆلۆژیکترین چەمکی ناو زەینی مرۆڤی ئێرانی بووە لە ٤٣ ساڵی رابردوودا و هیچ گوتارێکی سیاسی، هیچ رووداوێکی سیاسی و هیچ پڕۆژەیەکی سیاسی نەیتوانیوە لە سنوورەکانی جەستەی ژن تێپەڕێت و خەباتێک ئەگەر هەبووە لە ئارادا، تەنیا بۆ ڕزگار کردنی جەستەی ژن بووە نەک تەنانەت هزر و مەعریفەی ژن. تەنانەت فێنێنیزمی ئێرانی نەیتوانیوە لە جەستەی ژن تێپەڕێت.

کوشتنی "ژینای کوردستان" لە تارانی دەوڵەتی داگیرکەر ڕووی دا. هەڵسوکەوتی ئێرانی و کوردستانی لەگەڵ ئەم رووداوە زۆر جێگەی سەرنجە و جیاوازیی دیسکۆرس و تەنانەت پارادایمەکان دەردەخات.

لەپاش کوژرانی ژینا، یەکەم هەڵوێستێک کە لە کوردستان ڕوو دەدات کۆبوونەوەی هەزاران کەسیی خەڵکێک بوو کە بە یەک دەنگ هاواریان دەکرد"داگیرکەری ئێرانی، قاتڵی ژینامانی" یان "کورد تا دەوڵەتی نەبێ، ئەمە هەر بەشی ئەبێ". ئەمە واتە گرێدانەوەی راستەوخۆی مەرگی ژینا بە نەبوونی سەروەری و دەوڵەتی سەربەخۆوەیە. هەر ئەمە دەتوانێ دەرخەری ڕوانگەی کولتووریی کوردستان بێت بۆ جەستەی ژن وەک بوونێکی ئازاد و دوور لە پرسیار. واتا مەبەست ئەوەیە کە لە ئەگەری سەروەری و هەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا ژن وەک جەستە هیچکات نابێت سووژەیەکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیک. بەڵکوو هەبوونی دەوڵەتی کوردستان گەرەنتیی ئازادییە مرۆییەکانیشە.

بەڵام بەپێچەوانە یەکەم و تەنانەت تاکە پەرچەکرداری ناو مێشکی ئێرانی لەدوای کوشتنی ژینا، بەبێ هیچ فامێک لە پرسی ژینا وەک ئەندامی نەتەوەیەکی بندەست، ڕووبەڕووی پرسی ئایدیۆلۆژیکی حیجاب لەسەر جەستەی ژینا بوویەوە و هەتا ئەمڕۆش ئەمە تاکە فامی ئێرانییە لەو پرسە.

باسێکی زۆر گرنگ لێرەدا هەڵبژاردنی پارادایمیکی ناوی "مەهسا"یە بۆ بەرزکردنەوە لەکاتی نارەزایی، ڕاپەڕین و شۆڕشدا. مەهسا ناوێکە کە تەنیا بە توێی پرۆژەگەلی داگیرکەرانەدا توانیویەتی بەسەر ژنی کوردستانیدا داسەپێت بەڵام ناوێکی ئاسایی بۆ ژنی بە جەستە کراوی ناو کۆمەڵگەی ژێر ئیرادەی تیۆکراسیی ئێرانییە لە ئێراندا.

کوشتنی مەهسا لە ئێران هێمایە بۆ کوشتنی نابەرپرسانەی جەستەی بە زۆر داپۆشراوی ژن.

کوشتنی ژینا هێمایە بۆ نا پارێزراو بوونی تاکی کوردستانی لە ژێر ئیرادە و سەروەریی ئەویتری داگیرکەردا.

دانانی ئێرانی بە "ژینا"دا راستەوخۆ بە مانای دان نان بە یەکەم، هەبوونی نەتەوەیی کوردستان و پاشان دانپێدانان بە داگیرکراویی کوردستانە و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پێگەی داگیرکەرانەی خۆیانە بۆیە بە هەڵکردنی ناوی "مەهسا" راستەوخۆ نکۆڵی لە داگیرکەر بوونی ئێرانی و داگیرکراو بوونی کوردستانی دەکەن.

پێداگری لەسەر "ژینا" لە کوردستان رێک بە مانای پێداگری لەسەر دۆخی ناپارێزراوی و داگیرکراویی نەتەوەیی کوردستان و داگیرکەر بوونی ئێرانییە و هەڵکردنی ناوی مەهسا لە کوردستان بە مانای پەسن کردنی بندەستی و خۆ بە دەستەوەدانی یەکجارییە.

کەواتە بەگوێرەی ئەم ئارگیۆمێنتە پەیوەندیی نێوان "ژینا" و "مەهسا" پەیوەندییەکی ئانتاگۆنیستییە و بوونی هەرکام پەیوەستە بە نەبوونی ئەوی تر یان بەرزکردنەوەی هەر کامەیان بە مانای وەپاش دانی ئەوی ترە.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە لەم هاوکێشە ئانتاگۆنیستییەدا ئێمەی کوردستانی کام پێگە بۆ خۆمان دەستنیشان دەکەین؟ تا ئێستا چۆن هەڵسوکەوتمان کردووە؟ بەرەو کوێ دەچێن؟!

■




## شۆڕشی ژینا و نافەرمانی مەدەنی

### ئایا نافەرمانی مەدەنی دەتوانێت ئەم دەوڵەتە بروخێنێت؟

یەکێک لە گرینگترین ئامرازەکانی هەر دەسەڵاتێک بۆ سەپاندنی هەژمونی فەرمانبەرداری مەدەنییە کە لە دەرەوەی سیستەمی پەروەردە و خوێندن و مێدیا لە ڕێگای ١) یاسا، ٢) دامەزراوەکان، ٣) باج و ئابوری و ٤) پۆلیس و سەربازی دەسەپێنرێت.

دەسەڵات گوێی خەڵک وا گۆچ دەکات کە ژیانی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی ئەوان پێویستی بە ئەوان هەیە. ئەمە چیرۆکێکی ساختەیە و پێچەوانەکەی درووستە. لە ڕاستیدا ئەوە دەسەڵات و دەوڵەتە کە بۆ مانەوەی خۆی پێویستی بە خەڵکە و خەڵکیش لە ڕێگای یاسامەندی و فەرمانبەرداری، و چوون بۆ سەربازی وبوون بە پۆلیس، و هەروەها بایەخدان بە دامەزراوەکانی دەوڵەت، بەختی مانەوە دەبەخشن بە دەوڵەت و دەسەڵاتەکەی.

نافەرمانی مەدەنی واتا شکاندنی یاساکانی دەوڵەت، دەست لە کار کێشانەوە لە ئیدارات و دامەزراوە دەوڵەتییەکان، نەدانی باج و پارەی ئاو و بەرق و کەرەسەکانی پەیوەندی، نەچوون بۆ سەربازی و ئەرکی پۆلیسی و بەجێ هێشتنی پۆستە سەربازییەکان و گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، دەست کێشانەوە لە کاری کارمەندی و گشت ئەرکە دەوالەتییەکان. ئەمە وا دەکات کە لە دەوڵەت تەنیا ناوکە ڕەقەکەی بمێنێتەوە کە هێندە کەمن کە هەرگیز لە بەرامبەر خرۆشی جەماوەری خۆ ناگرن و دەسەڵاتیان دادەڕوخێت. •

# ژینا و کۆچەر؛ لە نێوان بەرداشی ئێران و کوردستاندا

**بۆ تێگەیشتن لە گرینگی بەکار هێنانی ناوی ژینا دەبێ بگەڕێینەوە سەر دۆزی پرۆفێسۆر کۆچەر بیرکار کاتێک بەرزترین خەڵاتی بیرکاری پێ بەخشرا.**



فارسەکان خوویان گرتووە بەوە کە شتە نەشیاو و ناشیرینەکانی خۆیان تف دەکەنەوە بۆ دەم و چاوی نەتەوە بندەستەکان. بۆ وێنە؛ خۆیان کە داهێنەری سەددان چەشنی جۆراوجۆری تاوان لە دژی ژن وەک سەنگسار و ئەسیدپڕژانی رووخساری ژنان و حیجابی زۆرەملی و هەزاران تاوانی دیکەن، بە گەورەکردنەوەی چەند رووداوی ژنکوژی لە کوردستان و ئەهواز و وڵاتە بندەستەکانی دیکە، نەنگی خۆیان بە سیمای ئێمەوە سواغ دەدەن. هەروەها هەر شانازییەکەی کە ئێمە لە رێگای زانست، یان وەرزش و هەر شتێک، دیکە قوت دەدەن و دەیانەوێت بیکەن بە شکۆمەندی بۆخۆیان.

نموونەیەکی هەرە بەرچاو خەڵاتی بیرکاری پرۆفێسۆر کۆچەر بیرکار بوو. بۆ ئەوان ئاسان بوو خەڵات نەبوو کۆچەر و خەڵاتەکەی قوت بدەن، چونکە ئەو شانازییەکەی بەخشی بە کوردستان، و جیا لەوەش کۆدی ناسنامەی ساختەی ئێرانی لە شوناسی تاکەکەسی خۆی تف کردبوو و ناوە ئێرانییەکەی خۆی فڕێ دابوو بۆ تارانی تاوان و تاڵان.

کۆچەر بیرکار بۆیە ناوی ئێرانی خۆی توور دا، چۆن لەو ناوەدا هەستی خۆبیبوونی نەبوو و بەم شێوەیە خۆی لە #سایکۆکۆلۆنیالیزم رزگار کردبوو. کۆچەر ئامادە نەبوو لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتەکە بە زمانی داگیرکەری خۆی بدوێ تاکو نیشانیان بدات چی دیکە کۆدی ئێرانیبوون لە زەین و ئاوەزی خۆیدا جێگا ناکاتەوە و پێداهەڵگوتنە درۆینە و دەغەلکارانەکانی ئەوان هەڵناخەڵەتێت. کۆچەر کۆچەر هێندە بەرز ببۆوە کە ئێرانیبوونی تێپەڕاندبوو و گەیشتبوو بە بەرزترین لوتکەی کوردستانیبوون و رێک لەوێوە سەرقەڵای زانستی بیرکاری جیهانی داگیر کرد.

ئەو تێگەیشتن لە سەروەریی لە ناخی خۆیدا دەروونی کردبووەوە و وەک سەرەتا سەربەخۆیی کوردستانی لە زەین و ئاوەزی خۆیدا ئافراندبوو. بۆیە ئەو هیچ کات نەیهێڵت ناو و ناوبانگی بەرزەباڵای ئاوێتەی نزمایی ئێرانیبوون بێت و وەک کوردستانییەک مایەوە.

ئەمە ئێرانییەکانی تووڕە کرد کە نەیانتوانی کۆچەر بیرکار و شانازییە بەرزەباڵاکەی داگیر بکەن و ناوبانگ و شکۆمەندییەکەی قوت بدەن. بۆیە لەوپەڕی نزمایی و بچووکایی خۆیاندا کەوتنە سەنگەرگرتن لە کۆچەر کە وەک خۆر بە ئاسمانی کوردستانەوە دەدرەوشایەوە.

ئەوەی کە کۆچەر کردی شەڕێکی مەزن بوو لە دژی کۆدی ئێرانیبوون و لەمەشدا سەرلەبەری کوردستان پشتگیریان کرد، چونکە ئەو لە پێناو کوردستاندا شەڕی لەگەڵ کۆدی ئێرانیبوون دەکرد و نیشانی کوردستانیانی دەدا کە چۆن دەبێ بە گەڕاندنەوەی ناوی کوردی وەک کۆدی کوردستانیبوون بەرامبەر بە کۆلۆنیالیزمی ناسنامەیی، مەعریفی و گوتاری داگیرکەرانمان بوەستینەوە.

لەنێوان ژینای کوردستان و کۆچەر بیرکاردا وێکچوونێکی زەق و ئاشکرا هەیە؛ ئەوان هەردووکیان شەڕی کۆدی ئێرانیبوونیان کرد. بەو جیاوازییەدا کە کۆچەر بیرکار لە پشت شوورەی قەڵای بەرز و پتەوی زانستی جیهانیدا ئەو شەڕەی کرد و تاریکپەرستانی ئێرانی توانایان نەبوو دەستی بۆ ببەن، بەڵام ژینا لە ناو قورگی ئەژدیهای ئێرانیدا بوو بە قەقنەس و خۆی سووتاند و بوو بە گڕکانی شۆڕشی نوێی کوردستان.

ژینا لە پرۆفایلی سۆشیال مێدیاکانیدا خۆی بە ژینا تۆمار کردبوو و وێڕای دڵێکی وەنەوشە خۆیشی بە کچی کورد پێناسە دەکرد. دیارە بڵێسەیەکی دەروونی لە ناخ و دەروونیدا ئەوی لە ناوی مەهسای ئێرانی دوور کردبووەوە و ژینای کوردستان لە هەناویدا تەشەنەی سەندبوو. ئەو بڵێسە دەروونییە هەر ئەو رووحی بەرەنگاری لەگەڵ کۆدی ئێرانیبوونە کە بێوچان دەیەوێت کۆدی دەروونی کوردستانیبوونمان بخنکێنێت.

ئەم ئەو شەوچرا دەروونییەی ژینا بەوەندە ڕاگیر نەدەبوو و کاتێک کە ئێرانییەکان بە لادان لە حوکمی حیجابی دەوڵەتی خۆیان تۆمەتباری دەکەن، وەک هەموو کچێکی کوردی بەرەنگار بە سانایی خۆی بەدەستەوە نادات، هەر بۆیە وەک شارۆمەندێکی کوردستان لە پایتەختی دەوڵەتی داگیرکەر دەکەوێتە بەر غەزەبیان و ژیانی لێ دەستێنن.

ئەمە تروسکەی شۆڕشی ژینا چ بوو کە خۆی نەیدەزانی گیانی پاکی ئەو دەبێتە سووتەمەنی داگیرسانی ئەو شۆڕشە مەزنە کە وەک گڕکان بەسەر کۆشک و قەڵای داگیرکەراندا تەقییەوە.

ژینا وەک کوردستانییەک لە پایتەختی دوژمنی بێگانەی داگیرکەردا کوژرا و ئەوە ناسنامەی کوردستانی ئەو بوو کە ئەوی لە دەیان ژنی دەستبەسەرکراوی دیکە جیا دەکردەوە و بوو بە تاوان بۆ کوشتنی. ئەمە شەڕی سەروەری و ناسنامەیە لە نێوان دوو نەتەوەدا کە یەکیان داگیرکەرە و هەبوونی ناسنامە و سەروەری لەوەی دیکە زەوت دەکات.

شەڕی سەروەری و ناسنامە کاکڵی دەسپێکی ئەم شەڕە بوو و ئێرانییەکان زۆر بە باشی هەر لە سەرەتاوە لە شەڕەکە تێگەیشتن بۆیە زۆر بە دەستوبرد کەوتنە خۆ و بە کەڵکاوژۆ لە ناوی مەهسا وەک کۆدی ئێرانیبوون توانیان لە ئاستی جیهان و عەجەمستان کۆدی کوردستانیبوونی ناوی ژینا بخەنە سێبەرەوە و سەرەڕای ئەوە لەژێر ناوی یەکریزی بۆ رووخاندنی کۆماری ئیسلامی نەتەوەکانی دیکە ڕاکێشی ژێر سەروەری خۆیان بکەن، و بە ریا و درۆ و دەلەسە دەیانەوێت کۆدی ئێرانیبوون بەسەر شۆڕشی ژینادا لە کوردستان داکوتن.

لەناو کۆمەڵگای خرۆشاوی کوردستان ئەوە هەر ژینای کوردستانییە و نەبووە بە مەهسای ئێرانی، بەڵام ئێرانییەکان بە تۆپزی دەیانەوێت کۆمەڵگەی ڕێکخراوەیی کوردستان بە پاساوی سیاسی و یەکریزیی بۆ رووخانی کۆماری ئیسلامی ناچار بکەن سەروەری و کۆدی ئێرانیبوونی ژینا پەسەند بکەن. کاتی خۆی کۆمەڵگەی ڕێکخراوەیی بە ئامێزێکی کراوە ناوی کۆچەر بیرکاری بەپێی ئارەزووی خۆی پەزیرا، و ئێستاش پێویستە بە پارێز کردن لە هەر جۆرە دووفاقییەک ژیناش وەک خۆی بژرێنێت.

جیا لەمە هەر شتێکی دیکە بێت خەسارێک و گورزێکە لە مەعریفە و گوتاری کوردستانی و نابێ لەمە زیاتر درێژەی هەبێت. کوردستان یەکدەنگە لەسەر کوردستانیبوونی ناسنامەی ژینا و هەتا ئێستا بە دەیان شۆڕشوانی کوردستانی لەو شۆڕشەدا بۆ ئەم ئامانجە بەرزە گیانیان پێشکەش بە دایکی نیشتمان کردووە و کۆمەڵگەی ڕێکخراوەیی دەبێت بەبێ هیچ پاساوێک گوێرایەڵی ئەو خواستەی کۆمەڵگا خرۆشاوەکەمان بێت.

■

# بەریەککەوتنی دوو گوتاری جیاواز

**خوێندنەوە و باسەکان لەسەر کوژرانی ژینا ئەمینی، تا رادەیەکی زۆر هەموو میدیاکانی دنیایی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە بووە بە باسی میدیاکانی ناوخۆو دەرەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، بۆیە ئەم باسانە کە لەسەر کوژرانی کچێکی بێ تاوان دەکرێت لە گۆشەنیگای جیاوازەوە شرۆڤەی بۆ دەکرێت.**



ئەگەر لە دوو روانگەی کوردستانی و ئێرانییەوە چاو لەم بابەتە بکرێت، بۆئەوەیکە بتوانرێت درەنجامی باش دەسکەوێت، دەبێت چەن پرسیارێک بکردێت و دوا بە دوای ئەو پرسیارانە، کاتێک کە وەلامیان بدرێنەوە، پەیامی ئەو دوو گوتارە روونتر دەبێتەوە.

لە خوێندنی نێودەوڵەتیدا گرنگیەکی زۆر دەدرێت بە پرسی هەواڵ، لەوانە، دراشتنی رۆژنامە، تەلەفیزیۆن و سۆشیال میدیاکان. بۆ نموونە ئەوەیکە سەرەتا دەبێت چاو لە سەردێری هەواڵ و دوابەدوا جۆری دارشتنی، ناوەرۆک و درەنجامی هەواڵەکە بکرێت، کە بە متۆدی جۆرواجۆر هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، کە مەبەست و پەیامی ئەوهەواڵانە، دیاری بێت.

هەر لەم روانگەوەو بە متۆدە جۆرواجۆرەکان، دەکرێت چاو لە هەواڵەکانی کوشتنی ژینا ئەمینی بکرێت، کە چۆن لە لایەن کەناڵە ئێرانییەکانەوە دادەرێژرێت و مەبەست لەوجۆرە هەواڵانە چییە؟

سەرەتا پرسینی چەن پرسیارێک سەبارەت بە کوشتنی ژینا ئەمینی: یەک، ژینا ئەمینی کێ بوو؟ بۆچی و چۆن کوژرا؟ کاردانەوەی کوشتنی چۆن بوو؟

بۆ وەلامی پرسیارەکان لە روانگەی ئێرانییەکانەوە، ژینا ئەمینی، کچێکی ئێرانی بوو کە لەبەر نەپۆشینی حیجاب بەدەست پۆلیسی کۆماری ئیسلامیەوە دەستگیر و دواتر لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی بەخت کرد. هەروا کاردانەوەکان لەهەمان بازنەدا کە کچێکی ئێرانی بە دەست کۆماری ئسلامیە کوژراوە، لە دژایەتی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران، سنوورەکانی زیاتر تێناپەرێنێت و لەسەر ئەوەیکە خۆیان دژی ئەو دەسەڵاتەن، شرۆڤە، باس، نووسین و چاو لە کوشتنی ژینا دەکەن. وە لە هەمان تێروانینیەوە وەک دەردێکی گشتی ئێرانی، داوای ئەوەیان کردوە کە دوو رۆژ وەک ماتەمینی گشتی لە هەموو ئێران بکرێت.

لە روانگەی کوردستانیەوە، ژینا ئەمینی کچێکی کوردستانی بوو کە لە شاری تاران لەگەڵ کۆمەلە کچێک دەستگیر دەکرێت و دواتر بەشێوەیەکی گوماناوی لە ژێر ئەشکنجەی بەشێک لەو هێزە داگیرکەرە ئێرانییە کە لە کوردستانیش بوونیان هەیە، بە شێوەیەکی نامرۆڤانە دەکوژرێت. کاردانەوەکانی کوشتنی ژینا بەدەست هێزە داگیرکەرەکانی ئێرانی، لە کوردستان زۆر جیاوزتر لەوەیە کە لایەنی ئێرانی، لە خەلکی خۆیان لە ئێران داوان کردوە. لە سەقز و سنە خۆپیشاندان دەستپێدەکات و چەن گەنجێکی دیکە دەبنە قوربانی بە دەست هێزە داگیرکەرەکانی ئێرانییەوە. ژنان لەسەر گۆڕی ژینا، سەرپۆش دادەکەن و درووشمی داگیرکەری ئێرانی تۆ قاتلی ژینامانی دەڵێنەوە.

لێرەدا ئەگەر براوردێک لە نێوان ئەم وەلامانەدا بکرێت، درەنجامێک بەدەستەوە دەدات کە سەلمێنەری جیاوازیەکی قووڵی دوو گوتارە. یەک، گوتارێکی ئێرانی تەوەر، کە سنوورەکانی لە هێرش بۆ سەر دەسلاتی هەنووکەیی ئێران تێناپەرێنێت و هەوڵ دەدات کە ژینا وەک قوربانیەکی دەستی کۆماری ئیسلامی نیشان بدات کە تەنیا لەبەر نەپۆشینی حیجاب و پابەندنەبوون بە یاساکانی ئەو دەسەلاتە، کوژراوە. بەم پێیە، کێشەی روانگەی ئێرانی لەگەڵ دەسەڵاتی هەنووکەیی ئێران، تەنیا لەبەر نەبوونی دیمۆکراسی و ئازادی جۆری پۆشینەو لە ئەگەری گۆڕینی تێروانینی دەسەڵات بۆ دیمۆکراسی و دابینکردنی ئەو مافانەی کە لایەنی ئێرانی داوایان دەکەن، هیچ کێشەو گرفتێکیان لەگەڵ ئەو دەسەلاتەدا نامێنێت. بۆیە لەم حاڵەتەی ئێستادا ئەم کەوشتنەی ژینا وەک دەردێکی هاوبەشی ئێرانییەکان باس لێدەکەن و بە کەڵکوەرگرتن لە کوشتنی ژینا، دەیەوێت بە بەردەنگی خۆی بڵێت کە حیجاب بەشێک لە کەلتووری ئێرانی نییە.

دوو، گوتارێکی کوردستانی، کە سنوورەکەی لە سەرەوەی دەسەڵاتی هەنووکەیی ئێرانە، وە ژینا وەک قوربانیەک نیشان دەدات کە بەدەست کەسانێک کوژراوە کە خاک و نیشتمانی ژینایان داگیرکردوە، واتە سیستمێک کە هاوکات لە هەوڵی کوشتنی ژیناکان، هەوڵ بۆ سڕینەوەی هەموو ئاسەوارێکی نەتەوە، نیشتمان و داتاشینی شوناسێکی دیکەیان بۆ دەدات. کە واتە ژینا تەنیا قوربانی دەستی کۆماری ئەسلامی و لەبەر نەپۆشینی حیجاب نییە، بەڵکوو کوژراوی دەستی تێروانینێکە کە بە هەموو هێزیەوە لە دوای سڕینەوەی هەموو بوونێکە کە وەک ئەو ئێرانی نییەو هەوڵ بۆ سڕینەوەی ئەوەیدی خۆی دەدات.

لەم روانگەیەوە دەردی ژیناکانی کوردستان، بە گۆڕینی هەڵسووکەوتی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران هیچ گۆڕانکاریەکی بەسەردا نایەت، واتە پرسی هەرتاکێکی کوردستانی کە خاکی داگیرکراودا لەگەڵ کەسانێک کە خاکیان داگیرنەکراوە زۆر جیاوازەو ئەوەیکە لە روانگەیەکی کوردستانیەوە گرنگە، رزگاری نەتەوەیەکە کە لەژێر هەموو جۆرەکانی داگیرکاری، بەلام لە روانگەیەکی ئێرانییەوە، پرسی رزگاری لە ژێر دەسەڵاتێکی خۆماڵیە کە ئێستا وەک ئەوان بیرناکاتەوە.

■

ئیمەیلی گۆڤار بۆ وەرگرتنی وتار: jina.revolt@gmail.com

# ئێمە و ئەوان بۆ یەکەم جار

**هاوکات لەگەڵ شەقامەکانی کوردستان و ئێران، ڕەوەند و دیاسپۆرای کوردستانی و ئێرانیش لەسەر شەقامەکانی ئوروپا و ئەمریکا هەوڵ دەدەن جیا لە پشتیوانی کردن لە ڕاپەرینەکان پلانی سیاسیی خۆیشیان بۆ داهاتووی ئێران و کوردستان بەرنە پێش. بەر لەوەی بچمە سەر باسی ئەوەیکە لە هەنگەمەی ئەو دوو دیاسپۆرایەدا چی ڕوو دەدات پێم باشە جیاوازییەکانیان دەربخرێت.**



دیاسپۆرای ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەشێوەی گشتی دیاسپۆرایەکی سیاسییە و بەشی هەرە گەورەی لە کەسانێک پێکهاتووە کە بەهۆی ئەندامەتی، نزیکایەتی یان ڕابردوویەکی بنەماڵی پەیوەندیدار بە حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە پەڕیوەی دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان بەتایبەتی بۆ ئوروپا و ئەمریکا بوون. لەبەر ئەوەش وەک بەشێک لە هێزی جەماوەریی ئەو حیزبانە دێنە ئەژمار. ئەگەرچی ژمارەیەکی کەم کەسانێک هەن کە بە بێ پەیوەندییەکی ئۆرگانیک یان بەبێ سەمپات و لایەنگری حیزبین بەڵام دیسان زۆر کەم هەڵدەکەوێت کە لە ئاستی گوتاریدا لە ژێر هێژمۆنی گوتاری حیزبیدا نەبن.

یەک لە باشییەکانی ئەم چەشنە دیاسپۆرایە دەتوانێ ئەوە بێت کە ئیمکانی ڕێکخستن و هەماهەنگی زیاتر دەکات بەڵام لایەنی نەباشی ئەم تایبەتمەندییە ئەوەیە کە دەبن بە پاشکۆی بڕیارگەلی زۆر جار پارێزکارانە و کۆنسێرڤاتی سیاسی و هەڵی هەڵوێست و کردەی سەربەستانە لە خۆیان دەستێننەوە. سیاسی بوونی دیاسپۆرای کوردستان یەکێکی ترە لە هۆکارەکانی کەمتر گەشە کردوویی ئەم دیاسپۆرایە. بەو مانایە کە زۆرن خەڵکانێک کە ڕاستە بەهۆی ئەندامەتی، لایەنگری یان پێشمەرگایەتییەوە ماڤی مانەوە لە زێدی خۆیان نەماوە و بەناچار پەڕیوەی هەندەران بوون بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەو سیاسی بوونە هاوکات نەبووە لەگەڵ پوختە و پێگەیشتوو بوونێکی ئەوتۆ کە ڕێگەخۆشکەر بێت بۆ گەشەی خێرا لە ناو دام و دەزگا ئوروپاییەکاندا.

لە بەرانبەردا دیاسپۆرای ئێرانی بەگشتی دیاسپۆرایەکی ڕانتییە کە بەرژەوەندیی هەیە لەگەڵ کۆی دامودەزگای ئێرانیدا. ڕاستە کە بەشێک لە دیاسپۆرای ئێرانیش دیاسپۆرایەکی سیاسییە و بەرژەوەندییەکەی لە دژایەتی لەگەڵ دامودەزگای کۆماری ئیسلامیدایە بەڵام جیاوازیی جەوهەریی نێوان ئەوان و دیاسپۆرای سیایی کوردستان لەوەدایە کە ئەوان هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ کۆی دامودەزگای حاکمیەتی ئێرانی و ئێرانییەت و سیمبول و بەهاکانیدا نییە و هەر ئەوە وادەکات کە دوو بەرەی دژ هاوکات کۆمەڵێک بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەبێت کە پێکەوە بەڵام بە دوو شێوازی جیاواز دەیپارێزن.

بە تەنیشتی ئەو دیاسپۆرا سیاسییە ئێرانییەوە ڕێژەیەکی بە چەندین هێندە دیاسپۆرای ڕانت خۆر هەیە کە لە خوێندکار و سەرمایەگوزار و هێزی کار پێکهاتوون کە لە دۆخگەلی لە چەشنی دۆخی ئێستادا بەبێ زەرووڕەتی گەڕانەوە بۆ دامودەزگای کۆماری ئیسلامی یان لایەنە سیاسییە ئێرانییەکان هەموو هێزی خۆیان لەسەر ئێرانییەت و بەها ئێرانییەکان چڕ دەکەنەوە. ئەوان لەبەر ئەوەی سنوورەکانی ئێران بەجێ بهێڵن زۆربەیان بەیارمەتیی ڕانتی ئێرانی بوون یان ڕێیان بردۆتە ناو زانکۆ باشەکانی ئوروپاوە یان لەڕێگەی ڕانتی ماڵییەوە توانیویانە ڕێ ببەنە ناو بازاڕی سەرمایەی ئوروپاییەوە یان بەهۆی ڕانتی زانستییەوە توانیویانە ڕێ ببەنە ناو دامودەزگاگەلی جۆراوجۆری زانستی، پیشەسازی، میدیایی یان دەوڵەتیی ئوروپاوە. هەر ئەمە دەرفەتێکی زێڕین بۆ ئەوان دەڕەخسێنێت کە لە دۆخی لە چەشنی دۆخی ئێستادا هەموو دەرفەتەکانیان لەبەر دەستدا بێت بۆ پێناسەکردن و ئاراستەکردنی ئەوەیکە ڕوو دەدات.

ئێستا کە شەقامەکانی کوردستان و ئێران لەپاش کوژرانی ژینا بە تێکڕایی خرۆشاوە و لە دەرەوەی هەموو جیاوازییەکان تا دێ بە هێزێکی زیاترەوە هێزی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی بەچۆکدا دەهێنێت و هەر ئەوە جیاوازییەکانی لە قۆناغی ڕاپەریندا تا ئاستێک کاڵ کردۆتەوە، لە دیاسپۆرا بەڵام جیاوازییەکان هەتا دێن قووڵتر دەبنەوە و گوتارە جیاواز و لێکدژەکان تا دێ زیاتر هەمبەری یەکدی دەبنەوە. هەقیقەت ئەوەیە کە لە دەست شکاندنەوەی نێوان دیاسپۆرای ئێرانی و کوردستانیدا دەکرێ تا ئاستێکی زۆر وێنای داهاتووی ئێران و کوردستان بێنینە پێش چاومان.

ئەگەر لە قۆناغی پێش دەستپێکی ئەم ڕاپەرینەدا تەنیا هێز و لایەنە سیاییە دیارەکان بەر یەک دەکەوتن یان دەچوونە ناو هاوکاری و هاوپەیمانیی جار و بارەوە، لەم قۆناغەدا ئیتر ئەو هێز و لایەنانە خۆیان بەشێکی بچووکن لە دۆخەکە و ئەگەر هێزێکیان لە بەرانبەر یەکتردا هەبێت ئەوە هێزی زیندووی سەر شەقام و دروشم و ویستەکانیان و هەروەها هێزی دیاسپۆرای دەنگ بەرزی ئوروپایە.

بە هەموو ئەو هۆکارانە ئەوەیکە بۆ دیاسپۆرای کوردستان گرنگ و ژینەکییە ئەوەیە کە ئاڵا، سیمبولە نەتەوەییەکان، هێما شانازییەخشەکان، دروشمە کوردستانی و نەتەوەییەکان دیاردە کلتوورییە دەرخەرەکان لەناو هیچ کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەگەڵ ئێرانییەکاندا لەبیر نەکەن. لە هەر شوێنێک هیچکات تێکەڵ بە تاپۆرای ئێرانییەکان نەبن بەڵکوو بە کۆمەڵ پێکەوە بە تەنیشتیانەوە بن. خۆ لە وتنەوەی دروشمگەلی ئێرانپارێزانە و فاشیستی بپارێزن. لە میدیا ئوروپاییەکاندا بە ڕوونی باس لە جیاوازیی پرسەکانی کوردستان و ئێران لەو ڕاپەرینەدا بکرێت. هاوکات لەگەڵ هاودەنگی سەبارەت بە دژایەتی کۆماری ئیسلامی، هیچکات نەچنە ژێر ئاڵای ئێرانیبوون و هەموو کات جیاوازیی نەتەوەیی خۆیان بپارێزن. ئەمە بەمانای دوژمنایەتی کردن نییە بەڵکوو هەوڵە بۆ خولقاندنی هەلی بەفەرمی ناسینی نەتەوەیی کوردستان لەلای ئەوانی تر. ئەم بە فەرمی ناسران و دان پێدا نرانە یەکێکە لەو فاکتۆرانەی هێز کە ئەگەری سەقامگیربوونەوەی داگیرکاری لاواز دەکات.

# دیاسپۆڕا، دیوی دەرەوەی راپەڕین

**هەموو ئاگادارین بۆ ڕامالینی سیستەمێکی وەک کۆماری ئیسلامی هێزی خەڵک کفایەت ناکا و پێویستی بە پشتیوانی و لایەنگری دەسەڵاتی وڵاتانی ئوروپایی و بڕیاری ئەمریکایە بەڵام ئەوە بەو واتایە نییە کە ئێمە پێمانوابێ وەکوو جاران شۆڕشەکە سەرکوت کرا و دووبارە خەڵک بە زەربی هێزی سەرکوتکەر لە ژووری کرانەوە. بەڵکوو بە واتای ڕاستەقینە لە دەربڕینی ئەو نارەزایەتییانە بەو شێوەیەی شاهیدی بووین ئاڵوگۆڕێکی سەیر لە ئاستی هەموو شتێک ڕووی دا و با بڵێین ئەگەری گەڕانەوە بۆ دواوەوە نییە. ئەم ئاڵوگۆڕە چەند ڕەهەندییە.**

پێشدا ئەوەیە خودی دەسەڵات کە لەم چەن ساڵەی دواییدا و لە خۆیدا تووشی دارمانێکی فاندامێنتال ببوو بەو خۆپێشاندانانە و کۆمەڵێک فەکتەری تریش کە بوون بە هۆکار تا لە بنەڕەتدا بەهاکانی حکومەت و خەڵک تەواو دژ بە یەکی لێبێت. خۆتان ئاگادارن لە ئێران ساڵی هەشتاوهەشت کە کۆمەڵێک خۆپێشاندا کرا، پاشان لە نەوەد و شەش و نەوەد و هەشت و نەوەد و نۆ بە توند و تیژییەکی زۆر خۆپێشاندانەکان سەرکوت کران و فەزایەکی تەواو ڕادیکاڵ حاکم ببوو و خەڵک بەڕاستی گەیشتبوونە ئەو پەڕی بێهیوایی. بەڵام ئەو ڕووداوە نیشانی دا کە لە لەحزەدا فەزای گشتی دەگۆڕدرێ. حکوومەت ناتوانییەکی زۆری لێ وەدیار کەوت.

بۆ یەکەم جار لە تەواوی ماوەی ئەم چل و چەند ساڵەدا خەڵک توانیان دۆخ بگۆڕن و جۆرێک هاودڵی لە نێوان خۆیاندا ساز بکەن. گرینگ ئەوەیە سیستەم لە ناخی خۆیدا بەتاڵ بوو لە تەواوی ئەو شتانەی حسێبی بۆ دەکرد. دەتوانم بڵێم لە ماوەی چەند ڕۆژدا لە قۆناغێکی مێژوویی تایبەتەوە کەوتینە ناو قۆناغێکی مێژوویی ترەوە کە زۆر گرینگە بتوانین کەڵکی لێوەرگرین. کە دەڵێم "ئێمە" مەبەستم ئێمەی کورد. ئێمە بۆ هەر ڕووداوێکی ئاوا چاومان لە مەرکەز بوو و ئەوە یەکەم جارە کە توانیمان مەیدانگێڕ بین و پراتیکی خۆما هەبێ گرینگیشی لەوەدایە کە لە کاتی ئاوادا مەسەلە کەمتر بە لارێدا دەروات و بە پێچەوانە ئەوانن کە لە پاڕادایمی زێنی ئێمەدا بیردەکەنەوە. ئێرانییەکانیش ئەم جارە جۆری جوڵانەوەو هەڵسوکەوتیان جیاواز بوو چ سەبارەت بە مەسەلەکانی خۆیان و چ لە پێوەندی دەگەڵ ئێمەدا و دەگەڵ مەسەلەکانی ئێمە. زۆر شتیش لە ئەوان و لە ئێمەش ڕوون بۆوە لەو پرۆسەیەدا. سەرەڕای ئەوە کە هەوڵیان دەدا هاودڵییەکی زۆر نیشان بدەن و نیشانیان دا بەڵام ئەکت گەلێکش دەبینرا کە دەیسەلماند گوتاری ئێرانی گوتارێکی لە بنەڕەتدا و لە خۆیدا فاشیستی و نەخۆشە تەنانەت بۆ خودی خۆیان تا حەدێک. بە زۆر هۆکاران ئەوان ئەم جارە بۆ گەیشتن بە ویستەکانی خۆیان زیاتریان گوێ بۆ ئێمە شل کردبوو و ئەو بیستنە ئەگەر بیستنی ڕووتیش بێ هەنگاوێکی گرینگ بوو. هەموو شێوەکان دەگەڵ ئەو حکومەتە تاقی کراوەتەوە بۆیە ئەمجارە خەڵک وڵامی توند و تیژانەتریان بە توند و تیژی حکومەت دەداوە و نیشانیان دا کە ئیتر گەیشتوونە قۆناغێک کە گیانی مرۆڤەکانیان بۆ گرینگە و کورد توانی بڵێ گیانی کوردیش هەر بە ئەندازەی گیانی ئێوە گرینگە و بە های هەیە. سیستەمێک کە لە بنەڕەتەوە بە زۆر و زۆڵم و پێشێل کردنی مافەکانی خەڵکی خۆی و دوو هێندەی وەش بە خنکاندنی دەنگی نەتەوەکان درێژەی بە کار داوە و هیچ بڕوایەکی بە ئەقەلییەت و شارستانییەت و هتد نییە و بەداخەوە زمانێکی تری هەیە و خەڵک ئەو زمانە فێر بوون. ئەو شتەی من ئەو ماوەیە دیتم ئەوە بوو کە جدییەت بۆ پشتگری لە یەکتر زیاتر بوو و کوردیش بە پێچەوانەی جاران لەو فەزا شاعرانەی هەمیشەیی و خۆ بە قوربانی نیشاندان و پاڕانەوەش دوور ببووە.

هەڵبژاردنی درووشمەکان لە لایەن خۆپێشاندەرەکانەوە ڕووداوێکی گرینگی تر بوو. هەر کامە لەم درووشمانە ڕەنگدانەوەیەک بوو لە واقعیەت گەلێکی زاڵ بە سەر هەست و ئەندیشەکانی ئەوان و ئێمە. ئەو ئێتنیکانەی لە ئێران دەژین و دەڵێن ئێمە و ئەوانمان نییە ئەو ماوەیە تێگەیشتن ئێمە و ئەوانمان هەیە، بەڵام، دەکرێ خۆمان لە هەڵبژاردنێکی وشیارانە و کونشگەرانە بۆ بەرژەوەندی خۆمان ئەم ئێمە و ئەوانە لە هەندێک شوێن بسڕینەوە و سیاسی بجوڵێینەوە. کاتێک باس لە هەڵبژاردنی ئاگاهانە دەکەم بە پێی دۆخ، ئاماژەم بە گرینگ بوونی سەربەخۆیی هزرییە کە ئیمکان بۆ پێگەیشتنی لە دۆخی ئێستادا زیاترە و گرینگتریشە.

بە کورتی دەتوانم بڵێم ئەم جارە ئەوە حکوومەت بوو کە پاشەکشەی کرد. شتێکی تریش کە دەمهەوێ بڵێم ئەویە جوڵانەوەی کوردەکان (لە جاران زیاتر) وشیارانەتر بوو. دەسکەوتەکان بە گیانبەخت کردنێکی کەمتر بە دەست هات و لە هەمان حاڵدا ترس و خۆف لە حکومەت زۆر زۆر کەمتر بوو و حکومەت ئەو هەیمەنەی نەمابوو. دروشمەکان پێشکەوتوتر بوون و پێویستە خوێندنەوە و شیکردنەوەی گوتاریی و مەعریفەناسییان بۆ بکرێ و لە سەریان بنووسین. دەی وەک هەموو دەزانین رەنگدانەوەی لە ئاستی نێونەتەوەیشدا یەکجار زۆر بوو. ڕوانگەکان سەبارەت بەو خەڵکی ئەو وڵاتەو بۆ کوردیش بە جۆرێکی تر گۆڕا. دەتکوت هەموو شتێک خەریکە لە هێڵەگ دەدرێ. گرینگترین شت ئەوە بوو کە گوتاری سەڵتەنەتخوازی بەو چەند ڕۆژە و بە یەک دروشم تووشی لاوازی بوو. گوتاری نەتەویەیی فارسی و ئێرانی تەواو لاواز ببوو و ئەو ئاڵوگۆڕە گرینگە چونکە ئەگەرچی چینی ئێلیت و خاوەننەزەرەکانیان ئەو گوتاری نەتەوەیی ئێرانیان بۆ گرینگە بەڵام لە عەمەڵدا ئیرادەی گشتی زۆر گرینگە. یانی ساز بوونی سات و دۆخێک کە ویستەکان خۆ نیشان دەدەن.

■

**ژن، ژیان کوردستان**



# چۆنێتی ڕاپەڕین و شۆڕش؛ قۆناغ، ستراتژی و تاکتیک

**پرۆسەی گۆڕین یان شکاندنی دەسەڵات و دەوڵەتێکی ستەمکار یان داگیرکەر دوو بەشی سەرەکی و چەندین قۆناغی جیاوازن.**

یەکەم) ڕاپەڕین کە ڕابوونە بۆ گۆڕینی دەوڵەتێک یان دەرکردنی داگیرکەر، دووهەم) شۆڕش کە پرۆسەی سازکردنی دەسەڵات یان دەوڵەتێکی جێگرەوەیە.

مەرگی ژینا سەرەتا لەناو کوردستاندا بەرهەڵستی ساز کرد کە لە گردبوونەوەی جەماوەری لەسەر گۆڕی ژینا دەستی پێکرد و دروشم لە دژی دەوڵەتی ئێرانی درا.

دواتر ئەم بەرهەڵستە پەرەی سەند بۆ ناو شاری سەقز و بەرفراوانتر بووە. لەم قۆناغەدا خەڵک تووڕەبیان دەبڕی و دەیانەویست حەز و ویستی تۆڵە و نەفرەت لە دەوڵەتی ئێرانی دەربڕن.

بەرهەڵستی سەقز پەرەی سەند بۆ شاری سنە و بەرەنگاری لە دژی دەوڵەتی ئێرانی چوو ناو فازێکی بەرفرانترەوە و هاوکات لە تارانیش خوێندکارانی کورد بەرهەڵستی دەوڵەتی ئێرانی بوونەوە و ئەمەش تەشەنەی سەند بۆ چەند شاری دیکەش کە ئەمە تێپەڕین لە قۆناغی بەرهەڵست بۆ قۆناغی سەرهەڵدان بوو.

سەرهەڵدان بەرەنگاری و نیشاندانی هێزە بۆ بە چۆک داهێنانی دەسەڵاتێک لەبەرامبەر ویست و داخوازی خەڵکدا. لێرەدا داخوازییەکان زەق دەبنەوە و هێشتا گۆڕین یان ڕووخاندنی دەسەڵات ئاجێندای سەرهەڵدان نییە، بەڵکو خواستێکی دەروونییە.

ڕاپەڕین وەک قۆناغی دوای سەرهەڵدان ئامانجی ڕوون و ئاشکرایە بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتێک. لەم قۆناغەدا جوڵانەوەی دژەدەسەڵات یان دەوڵەت تەشەنە دەکات بۆ هەموو یان زۆربەی شارەکان و دەسەڵات و خەڵک وەک دوو ئانتاگۆنیست ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە. دەسەڵات دەیەوێ هەژموونی خۆی داسەپێنێتەوە و خەڵک دەیەوێ دەوڵەت داڕووخێنن.

بۆ سەرکەوتنی هەر ڕاپەڕینێک، پێویستە دەوڵەت و دەسەڵات یەک بە یەک فاکتۆرەکانی هێز لە دەست بدات و بکەونە دەستی خەڵکەوە. لەم قۆناغەدا ئاگایی و وشیاری ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە کە ئەو فاکتۆری هێزانە بە چ شێواز، ستراتژی و تاکتیکێک دەکرێ لە دەستی دەسەڵات بترازێندرێن. بۆ ئەمە سەرەتا دەبێ فاکتۆرەکانی هێز و پێکهاتەی دەوڵەت ڕوون بکرێنەوە.

دەوڵەت و دەسەڵات دوو ڕژێمی ١) نەرم و زەینی، ٢) ڕەق و فیزیکیی هەیە. مرۆڤەکان لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا سەرەتا ڕژێمی نەرمی دەسەڵات لە



ناخ و زەیندا دەروونی دەکەنەوە کە دەبێت بە خواستێکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی و لەسەر ئەو بناغەیە دەوڵەت وەک گەلە دامەزراوەیەکی سیستماتیک بنیاد دەنرێت.

یەکەم فاکتۆری نەرمی دەوڵەت ڕژێمی سایکۆلۆژیکی کۆمەڵایەتییە کە بە پێی مێتۆدی ئەو دەوڵەتە کە دێموکراسی بێت یان دیکتاتۆری، مرۆڤەکان بە باوەڕ یان بە ترس، ملکەچی دەسەڵات و ئۆتۆریتەی دەوڵەت دەبن و ناچار بە بەشداری یان بە بێدەنگی دەکرێن. دەوڵەت لەم دۆخەدا لە ئامرازەکانی نوادنی ئیرادە وەک دەستوور و یاسا و مێدیا سوود دەبینێت. لە سیستەمە ڕانتییەکان هەروەها لە ڕانت بۆ سەپاندنی هێژمونی کەڵک وەردەگرێت.

ئەمە بەو واتایەیە کە دەوڵەت وەک ڕژێمی نەرم سەرەتا لە زەین و ناخ و دەروونی مرۆڤەکانی کۆمەڵگایەکدا بیچم دەگرێ و لەناو سیستەمی نەرمی ئەم ڕژێمەدا بە بارمتە دەگیرێن. هەر بەپێی ئەم پرینسیپە هەڵوەشانی دەوڵەتێک یان دەسەڵاتێکی نەخوازراویش سەرەتا لە ئاخێزگەی یەکەم و سەرەکی ئەو دەوڵەتە کە ڕووخسارە نەرمەکەیە هەرەس دێنێت.

گەوهەری سەرەکی ڕژێمی نەرمی دەسەڵاتێک، چیرۆکی دەوڵەتە و دەوڵەت هیچ شتێک زیاتر نییە جگە لە چیرۆکێک کە مرۆڤەکان بڕوای پێدێنن و بڕیار دەدەن خەون و ژین-جیهانی خۆیان لەسەر ئەم چیرۆکە هەڵچنن. ژێرخانە نەرمەکانی دەوڵەت وەها ساز دەبن و کاتێک گشت یان زۆرینەی کۆمەڵگا دەچنە ژێر کاریگەری سایکۆلۆژی بندەستی و ناسەروەری لەم چیرۆکەدا، ژین-جیهانی خۆیان تەنیا لە دووڕەدیمەنەکانی ئایدیۆلۆژی ئەو دەوڵەتەدا وێنا دەکەن، دەوڵەت بەستێنی داوەزاندنی هێزی ڕەقی بۆ دەخوڵقێت.

خۆ ڕزگارکردن لەو ڕژێمە سایکۆلۆژیکەی کە دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان و داگیرکەرەکان خەڵک و کۆمەڵگای پێ بە بارمتە دەگرن، بریتین لە کوێرکردنەوەی باوەڕ و ترسی دەروونی کە دەسەڵات و ئۆتۆریتەی دەوڵەت، کۆتایی هێنان بە بەشداری لە بازنەی بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵات و هەروەها دابران لەو بەرژەوەندیی و ڕانتەی دەوڵەت دابینی دەکات چونکە لە دەوڵەتی سەربەخۆ و دێموکراتیکدا پرینسیپەکان لەسەر بنەمای دابەشکردنی خێری گشتی بۆ هەمووانە و بەو پێیە هیچ کەس لە گۆڕینی دەسەڵات و بندەستی زیانمەند نابن، جگە لەوانەی بەرەنگاری شۆڕش و گۆڕانکاری دەبنەوە.

ڕژێمی ڕەق و فیزیکی دەسەڵات، ئەو گەلە دامەزراوانەن کە لە مۆدێلێکی هیرارشی و قوچکەییدا بنیاد دەنێرێن و لە سەرەوەڕا بەرەو خوارەوە دەسەڵاتی خۆیان بەسەر کۆمەڵگادا دەسەپێنن. دامەزراوەکانی دەوڵەتێک لە چەند قاتدا دابەشکاری دەکرێن. قاتی یەکەم ڕێبەرایەتی دەوڵەت و ئۆرگانەکانی توێی یەکەمە کە بریتین کە پارلمان، کابینەی دەوڵەت، کەرتی دادوەری، هێزی سەربازی، کەرتی ئابوری و هێزی مێدیای. لە توێی دووهەم بەڕێوەبەرایەتی ئیدارات و دامەزراوەکانی دەوڵەت و لە توێی سێهەمدا لق و پۆپی ناوچەیی و لۆکاڵی ئیدارات و دامەزراوەکانە.

هێزی مرۆیی هەموو ئەم دامودەزگایە لە خەڵکانی ژێر هێژمونی خۆیان دابین دەبێت هەر ئەو دوو بەشە کە یان بە هۆی باوەڕەوە وەفادارن بە دەوڵەت، یان بەهۆی سیستەمی کۆنترۆڵەوە ملکەچی دەسەڵاتی دەوڵەت کراون. کاتێک باڵانسی ئەم دوو بەشە دەگۆڕێت و باوەڕمەندان و وەفادارنی دەسەڵات لەبەرامبەر بە دژبەرانی دەسەڵات دەکەونە پێگەی لاوازەوە، ئەوە بەستێنێک ساز دەبێت کە ڕژێمی نەرم ڕوو بە هەرەسهێنان دەڕوات. هەر لەم قۆناغەدا ستراتیژییەکانی داڕووخاندنی ڕژێمی ڕەقیش واتا دامەزراوەکان و هێزی سەربازی، دەبێ بە پێداویستییەکی سەرەکی، و ڕەوتی ڕاپەڕین و شۆڕش لەسەر ئەو بنەمایە بیچم دەگرێت.

هەڵوەشانی هێزی سەربازی و سەرکوتی و دامەزراوەکانی دەوڵەت وەک ئامرازی ڕەقی دەسەڵات قۆناغی کۆتایی دەسەڵاتە کە ئێستا لە شۆڕشی ژینادا ئاسەوارەکانی دێنە بەرچاو. لە هێزی سەربازیدا دەوڵەتی ئێرانی تووشی کەمایەسی هێزی مرۆیی بووە و تەنانەت منداڵان و ژنانیشیان پەیوەست بە هێزی سەرکوت کردووە لە نیشانەی ئەوەیە کە دەفرایەتی و کاپاسیتەی زۆرداری و



سەرکوتی خۆی تێپەڕاندووە و بەرەو داوەرین دەچێت.

دەوڵەت کە سیستەمێکی پێکهاتوو لە کۆمەڵە دامەزراوەیەکی یاسامەندن کە هێژمونی و دەسەڵات دەخولقێنن و لەم ڕێگەیەوە نەزم و پەرگاڵی تایبەت بە خۆی لەو کۆمەڵگایە ساز دەکا، بۆ ئەمەش دەبێ سایکۆلۆژی و منتالیتەی کۆمەڵگا ئامادە بێت ئەم فۆرمە لە هێژمونی بپەزێرێ کە بۆ ئەمە لە کەرەسەکانی کۆنترۆڵ سوود دەبینێت، و کۆنترۆڵ ڕۆڵی ناوەندی دەگێڕێ لە کارا هێشتنەوەی هێژمونی. شۆڕشوانانی ئەم جارە بۆیە کامێراکانی چاودێری شاریان دەشکاند و دەوڵەتی ئێرانیش خێرا جێگایانی بە درۆن پڕ دەکردەوە.

دیکتاتۆرەکان بە ئامێری کۆنترۆڵ ترس و بێدەنگی دەخولقێنن و لە ترس و بێدەنگیش هێژمونی بەرهەم دێنن. ئەوەی ئەم جارە بەدی دەکرێ بازدانێکی نەسڵ یان جنەرەیشن شیفتە لە شۆڕشدا. نەسڵی نوێی شۆڕشی ئەم جارە بەگشتی لە لاوانی ژێر ٢٠ ساڵ پێک دێن کە نەسڵێکی دیجیتاڵن لە ژین-جیهان و پارادایمی دیجیتاڵی دوای چاخی کرۆنا چاوی کردۆتەوە و لەگەڵ ڕژیمی ترس و بێدەنگی ئاشنا نین بەو شێوەیەی نەسڵی پێشوویان کە نەسڵی سەرکوت و بێدەنگین ئەزمونیان کردووە. ئازایەتی و بوێری سەرسوورێنەری ئەم نەسڵە تەنگی بە سیستەمی هێژمونی هەڵچنیوە و پاشنە ئاشیلی ڕاستەقینەی ئەم دەوڵەتەش ڕێک و ڕاست ئەم نەسڵەیە.

لە کاتێکدا نەسڵی پێشوو بۆ بەشداری کردن لە شۆڕشی ئێستادا پێویستی بە بیرچوونەوەی پارادایماتیک یان ئانلێرنینگە تاکو بتوانێ لە ڕووحی شۆڕشی ژینا وەک خۆی تێبگات. نەسڵی پێشوو بەبێ لەبیرخۆبردنەوەی زانینەکانی پێشووی ناتوانێ لەم نەسڵی نوێ تێبگات کە چما لە یەکەم ڕاپەڕیندا گوتارسازی دەکات لە هەنگاوی دووهەمدا یاسامەندی دەکاتە ئامانج و ئانۆمی و بێیاسایی ساز دەکات کە لەوێدا بەستێنی ڕاستەقینەی شۆڕش ساز بکات. ئەمە نیشانەی ئەو جنەرەیشن شیفت و پارادایم شیفتەیە کە لە مۆدێلی شۆڕشکردندا ڕووی داوە کە نەسڵی نوێ لەم شۆڕشەدا هاوتەریب لەگەڵ شۆڕشەکەی خەریکی تاقیکردنەوە و فێربوون و هاوکات خولقاندنە.

بۆ داڕووخاندنی سیستەمی ڕەق ئەگەر بەستێنی سەرکەوتنی نەرم ئامادە بووبێت، بە دەستبردن بۆ فاکتۆرەکان هێز و ترازاندنیان لە دەستی سیستەمی کاتبەسەرچوو دەستەبەر دەبێت. شۆڕشوانان پێویستیان بەو ڕادە لە ئاگایی هەیە کە شادەمارەکانی سیستەم کە هێز دەگوازنەوە ناو بەدەنەی دەوڵەت یەک بە یەک یان گشتی بە تێکڕا بقرتێنن.

ئابوری وەک فاکتەرێکی ژێرخانیی ئەگەر لە سەرەتای ڕاپەڕین بە ئامانج بگیرێت دەوڵت ناتوانێت بە سانایی هێزی مرۆیی، ئامراز و کەرەسەکان، سیستەم و کۆنترۆڵی دامەزراوەکانی خۆی بەپێی پێویست بە مەبەستی سەرکەوتن و سازکردنەوەی هێژمونی خۆی دابین بکات.

لە فازە پێشکەوتووەکانی ڕاپەڕیندا سەرچاوە ئابورییەکان و بەریانی دارایی لە ناوەندی بڕیاری دەوڵەت هەڵدەبڕدرێن تاکو دەوڵەت نەتوانێت چاوکانی تێچووی هێزەکانی خۆی دابین بکات. دەوڵەت ئابوری خۆی لە ڕێگای بەرهەمهێنانی زێدەبەها و بەریانی دراو دابین دەکا و مانگرتنی گشتی و داگیرکردنی ناوەندەکانی بەرهەمهێنانە دەوڵەتییەکان و هەڵبڕینی ڕێگای گواستنەوە و ترانسپۆرت، بایکۆتی بنگە دەوڵەتییەکان لەناو بازار بۆ گوشینی شادەماری ئابوریی دەوڵەت گرینگن.

قرتاندنی شادەماری ئیستعماریی دەوڵەتی ئێرانی دەتوانێت لە مەرگ نزیکتری بکاتەوە. لە کوردستانەوە کان و کانزا، وزە و سووتەمەنی، ئاو و بەرهەمە خۆراکییەکان دەدزرێن بۆ ئێران. هەڵبڕینی دالانی ترانسپۆرتی ئەم سەرچاوە گرینگانە فاکتۆری ئابوری لە دەستیان دەردێنێت.

فەرمانبەرداری و یاسا و نەزم کە دەسەڵاتێک بۆ هەڵسووڕاندنی سیستەمی خۆی گەرەکییەتی بۆ کۆنترۆڵ و هێژمونی پێویستی بە هێزی مرۆییە تاکو دامەزراوەکانی ئەم کەرتە بەپێی پێویست کار بکەن. نافەرمانی جەماوەری و ژێرپێنانی هەموو یاساکانیان و هەستاندنەوەی باوەڕ و متمانە لە دەزگا یاساییەکان، وەستاندنی نەزمی سیستەمەکەیان، وەها ئاڵۆزی و شپرزەییەک لە دەسەڵاتدا ساز دەکات کە ژێرخان و ئینفراستراکچری هێژمونیان دەشێوێنێ و تووشی ئاڵۆزی دەکات.

دامەزراوەکانی دەوڵەت پەیکەرە و ساختمانی سیستەمی دەوڵەتن و تێکشکاندن و هەڵوەشاندن و داگیرکردنی ئەو دامەزراوانە لە کاتی ڕاپەڕیندا لق و پۆپەکانی دەوڵەت دەبڕێت و بەرەو نەمان دەڕوات.

دەوڵەتێک بۆ دابینکردنی ڕژیمی ڕەقی خۆی پێویستە ٣ کۆڵەکەی سەرەکی هەبێت. هەرکات ئەو سێکۆڵەکەیە دارمێن، ئەو دەوڵەت بە کردەوە ڕوو بە نەمان دەچێت.

کۆڵەکەی یەکەم هێزی سەربازی و سەرکوتە کە حەوشەی دەسەڵاتی خۆی لە بەرامبەر بە هەڕەشەی خۆیی و ناخۆیی پێ دەپارێزێت.

دووهەم سیستەمی خوێندن و پەروەردەیە کە مرۆڤەکان بە ئایدیۆلۆژی دەوڵەتیی خۆی پەروەردە بکات، و بکەری و ئەیجنسی پێوستی خۆیان لە هێزی مرۆڤی و کۆمەڵایەتی حەوشەی دەسەڵاتی خۆی پێ بەرهەم بهێنێت.

سێهەم کۆڵەکە دارایی و ئابورییە کە پێداویستییەکانیماڵیی خۆی پێ دابین دەکات و سەرەکیترینیان سیستەم باج و سیستەم بازرگانین کە هەر لە کان و کانزا ڕا دەگرێتەوە هەتا بازاڕ. خاڵی جەوهەریی ئەم سیستەمە زێدەبەهایە کە دەوڵەتێک بەرهەمهێنانی سوودی پێویستی خۆی بە چەندین قات پێ دووپاتە دەکاتەوە.

لە فازەکانی پێش کۆتایی ڕاپەڕین و سەرەتاکانی شۆڕش دەبێ ئەم سێ کۆڵەکەیە بدرێنە بەر هێرشی جەماوەری و بەشێکیان وەک دەزگای سەرکوت بە تەواوی تێبشکێندرێن و بەشێکیشیان وەک دامودەزگای مێدیای پێویستە لە لایەن شۆڕشگێڕانەوە داگیر بکرێت. داگیرکردنی مێدیا



سەرەکییەکانی هەر دەوڵەتێک سەرکەوتن هەتا زیاترین ئاست مسوەگەر دەکات.

نافەرمانی مەدەنی، مانگرتنی گشتی، داگیرکردنی دامودەزگا و دامەزراوەکانی دەوڵەت کە قورگی دەسەڵاتن هەناسەبڕیان دەکات. نافەرمانی مەدەنی گشتگیر لە خەڵکی سیڤیل ڕا هەتا کارمەندانی دەوڵەتی دەگرێتەوە.

داگیرکردنی دامودەزگا ئیدارییەکان لەلایەن خودی کارمەندانی ئیداراتەکان و بە پشتیوانی خەڵکی شۆڕشوان دەکرێت کە بەرگری لە نافەرمانیان لە بەرامبەر بە سیستەمی زاڵدا بگرێت.

تێکشکاندنی ناوەندە سەربازییەکان و بنکە سەرکوتگەرەکان لە لایەن هێزی ڕەق ڕاپەڕین و شۆڕش دەکرێت. لە فازەکانی کۆتایی ڕاپەڕیندا بەرەنگاری خیابانی لەگەڵ هێزی سەرکوت جێگای خۆی دەگۆڕێتەوە بۆ هێرش بۆ سەر ناوەند و بنکەکانیان کە هەم بە مەبەستی تێکشکاندن و هەم بە مەبەستی کەوتنی چەک بە دەستی شۆڕشوانان دەکرێت. کەوتنی چەک بەدەستی شۆڕشوانان بە واتای چەکداری گشتییە کە بۆ چەککردنی پادگانەکان و سەرکەوتنی شۆڕش خاڵێکی جەوهەرییە.

لە فازی سەرەتایی قۆناغی شۆڕش هێرش بۆ سەر دامەزراوەکان و تێکشاندنیان دەبێ بە دوو مەبەست بڕواتە پێش؛ ١) تێکشکانی دەسەڵاتی زاڵ، ٢) سازکردن هاوکاتی دەسەڵاتی ئاڵترناتیف. تایبەتمەندی سەرەکی قۆناغی شۆڕش ئاڵترناتیفسازی و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی هاوتەریبە. دەسەڵاتی ئاڵترناتیف هەم دەسەڵاتی کۆن تێکدەشکێنێت و هەم کۆمەڵگا سەرلەنوێ دەکاتەوە بە سیستەم. هیچ شۆڕشێک بەبێ ئەم خاڵە جەوهەرییە بە سەرکەوتن ناگات.

لە دۆخی کوردستاندا بۆ سەرکەوتنی شۆڕش هێندێک لە ناوەند و ئیداراتەکان پێویستن تێکبشکێندرێن و هێندێک دەبێ داگیر بکرێن و هێندێکیشین هەم دەبێ تێک بشکێندرێن و هەم داگیر بکرێن کە لێرەدا ئاماژەیان پێ دەدرێت. داگیرکردنی فەرمانداری، ئوستانداری، شارەداری، داگیرکردنی بنکەکانی پۆلیس و تێکشکاندنی هێزەکانی سەرکوت، داگیرکردنی پادگان، پازگا و بنکەکان بەسیج، تێکشکاندنی سازمانی ئیتلاعات و ئەمنییەتییەکان، تێکشکاندن و داگیرکردنی سازمانی ئیتلاعات و فەنئاوەرییەکان، تێکشکاندنی دەرفەتەری بازرسی شورای نیگەهبان، دەفتەری نەمایەندگی ویلایەتی فەقیهـ، دەفتەری ئیمام جومعە و ئیمام جەماعەتەکان، داگیرکردنی سداوسیما و شەبەکە ئوستانییەکان، نەخۆشخانە و دەرمانگا سەربازییەکان، داگیرکردنی دادگوستەری و دادگاکان و شکاندنی زیندانەکان و ئازادکردنی دیل و زیندانییان، داگیرکردنی سەبت و ئەحوال، تێکشکاندنی سازمانی ئیرشاد، داگیرکردنی ئیدارەی ئاموزش و پەروەرش، پۆلیسەکانی ڕێگا و بان و پازگاکان، داگیرکردنی سازمانی بودجە و بەرنامەڕیزییەکان، داگیرکردنی بانکەکان و بنگە ئابورییەکان، داگیرکردنی موخابرات و پەیوەندییە ئێکترۆنیکییەکان، داگیرکردنی فرۆشگاکانی سپا و دەوڵەت و سەرمایەدارە عەجەمەکان، داگیرکردنی خانە سازمانییەکان کە ماڵی هێزە سەرکوتگەرەکانە و داگیرکردنی ماڵی سەرۆک جاش و بەسیجەکان.

ڕێگا و بان و جادەکان شارەگی گواستنەوە شمەک و کەل و پەل و تدارکات و لۆجستیکی هەر دەسەڵاتێکن. داگیرکردن و کۆنترۆڵکردنی ڕێگاوبان و جادەکان و تەنانەت ڕێگا ئاسمانییەکان و بەگشتی بەستنی ڕێگاکانی گواستنەوە و ترانسپۆرت.

ئەم قۆناغە پێویستی بە شورای بەڕێوەبەری شۆڕش هەیە کە لە نوخبە شۆڕشگێرەکانی کۆمەڵگا پێک دێت و بەپێی پلانێکی تۆکمە قۆناغی شۆڕش بە کۆتای و سەرکەوتنی بگەیەنێت و هەروەها لەناو ڕەوتی شۆڕشەکەدا دەوڵەتی هاوتەریب دابمەزرێنێت.

دەوڵەتی هاوتەریب دەوڵەتێکی کاتی قۆناغی شۆڕشە کە بە شێوازی دیفاکتۆ دادەمەزرێت، کە ئەرکی سەرەکی ئەوەیە کە دەسەڵاتێکی دیژۆری نوێ دابمەزرێنێت. هاوکات کە دەوڵەتی دیژۆری زاڵیش بە مەبەستی لەناوبردن لە دەسەڵات دادەماڵیت. دەکرێت دەوڵەتی داماڵدراو لە دەسەڵات بەتەواوی لەناو نەچێت، بەڵام لە دەسەڵاتێکی کزی دیفاکتۆدا لاواز بکرێتەوە کە چارەنووسێکی دیکە وەربگرێت.

سەرکەوتنی شۆڕش گرێدراوە بە زۆر فاکتۆری دیکەش کە لە دەکرێت دەق تایبەت بە خۆی توێکاری بۆ بکرێت، بەڵام گرینگترین خاڵەکانی سەرکەوتنی شۆڕشێک پێوانی پرۆسە قۆناغبەندەیە کە لە داگیرسانی شۆڕشەوە دەست پێدەکات و فاز بە فاز و قۆناغ بە قۆناغ بە دەستەبەرکردنی دەسکەوت دەگاتە کۆتایی کە سەرکەوتنە.

هەموو شۆڕشێکی سەرکەوتوو ڕێبەرانی ڕاستەقینەی خۆی لەناو خۆیدا ڕادەبن و پەروەردە دەبن. ئەو شۆڕشانەی کە لە دەرەوەی خۆیدا ڕێبەرایەتی دەکرێ، فاکتۆرەکانی ڕیسک بۆ سەرنەکەوتنی زیاتر و بەهێزترن. هەر بەم هۆیە ڕێبەرایەتی هەر شۆڕشێک تەنانەت ئەگەر خۆڕسکیش بێت دەبێ لەناو قوڵایی ڕاپەڕینەکاندا لەو فازەدا کە هێزی دوژمن باڵانسی خۆی بە درێژەی سەرکوت لە دەست دەچێت، سەرهەڵدەدات و مودیریەتی پاشماوەی پرۆسەی شۆڕش دەکات.

بۆ درێژەی پرۆسەی شۆڕش پرسیارێک کە دەبێت هەمووکات بکرێ ئەوەیە کە؛ ئێمە ئێستا لە کام قۆناغەداین و هەنگاوی ئێستا و فازی دواییمان چین؟ وەڵام بەم پرسیارە ڕێگەمان پێ دەدات کە دارشتنی ستراتژی و تاکتیکەکانمان بۆ بەرەوپێشچوونی فاز بە فازی شۆڕش نەک لە ڕووی بۆچوونە زەینییەکان، بەڵکو گونجاو لەگەڵ دۆخی ڕاستەقینەدا بێت کە ڕەوتی ڕاپەڕین بە پرۆسەی ڕاست و درووستی شۆڕشی ڕزگاریدا بەرە پێش بچێت.

■

# نیکا شاکەرەمی؛ ژینای لوڕستان




**ژینا یەکێک لەو کچە لاوە بوێرانەی لوڕستانە کە بە دەستی داگیرکەرانی ئێرانی بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە تێرۆر کرا و نها خەڵکی لۆڕی زۆر تورە کردووە.**

ڕێبوارانی ڕێگای نیکا بەم پلاکاتە ڕایانگەیاند کە «ئەو کەسەی تۆی کوشت، تۆی چاند، من لێی بووم» بەو واتایە کە نیکا تروسکەی ڕاپەڕینی لوڕستانە. ڕاپەڕینی لوڕەکان یەکێک لە ئاواتە دێرینەکانی شۆڕشی کوردستان بووە کە بە باوەڕی زۆرینەمان دەتوانێ ڕەگ و ڕیشەی دەوڵەتی داگیرکەری ئێران بلەرزێنێت.

ئێستا پرسیار ئەوەیە کە میکانیزمەکانی وەرچارخاندنی مەرگی نیکا بە ڕاپەڕینێکی بڵێسەداری کۆمەڵایەتی لە لوڕستان چیین و چۆن دەتوانێ درێژەدار بێت؟!

# زانیاری ڕاپەڕین و شۆڕش







### قلماسک/قۆچەقانی

کاتێک کە دەزگـــای سەرکوت و کۆنترۆڵ بە مەبەستی خۆ سەپاندنەوەی دووبارە، بە هێزی ڕەق دێتە مەیدانی بەرەنگاری و شۆڕشوانان کە دەستیان بەتـاڵە، لێدان و گـرتنیان ئـاسانترە، ئەوانیش لە قلماسک و قۆچەقـانی بۆ بەردبـارانی هێزە ترسەنۆکەکانی دوژمن کەڵک وەر بگرن. قلماسک دەکرێ بە شێوازێک ســاز بکرێت کە زۆر بەهێز بێت و زیانی بـاش بە هێزی سەرکوت بـگەیەنێت. هێزی سەرکوت بێگومـان ئەگەر زیان ببینن. مەیدان چۆل دەکەن.

### تیمی قلماسک

ئەگەر کۆمەڵێک شۆڕشــوان بۆ نـموونە ٥٠ کەس قلماسکیان هەبێت و وەک تیم کار بکەن، دەتوانێک لە یەک کاتدا بارانێک بەرد بەسەر هێزی سەرکوتــدا بـــبارێنێت کە هەم بەهێزتــرە و هەم ترسناکترە لە یەک یان دوو بەرد بە یەک کات. بەم شێـوەیە هێزی سەرکـوت زۆر بە سەخـتی دەتوانێت، خۆی لە بەردباران لا بدات. کاری تیمی و هەرەوەزی هەمیشە بەهێزترە!

### گرتنەوەی شەقامەکان

جیاوازی نێوان دەسەڵاتی هێزی سەرکوت و خەڵک شەقـامەکـانن. هەمـوو دەسەڵاتێک هێز و کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر شەقـــامەکـانـدا دەسەپێنن و ئێمە هەســت بە زاڵبوونی ئەوان دەکەین. لە کاتی ڕاپەڕین و شـۆڕشـــدا هەمیشە خـەڵک و دەوڵەت لەسەە کۆنترۆڵ بەسەر شەقـــامەکـانـدا بەرەنـگاری یەکتر دەبــنەوە. دوژمـــن ســتراتیژی هەیە بۆ کۆنترۆلە شەقـــامەکان هەر کە چـاودێری هەتــا سەرکوت. خەڵک لە بەرامــــبەردا پێویستیان بە دژەســـتراتیژی هەیە بۆ داگیرکردنەوەی شەقامەکان.

### دژە ستراتیژی

ســـتراتێژی دوژمـــن بۆ کۆنترۆڵی شەقـــامەکان کۆکردنەوەی هەمـــوو هێزی خۆی لە مەیدانێکی بەرەنگاریە چونکە بە زۆربوون و یەکبوون بەهێزن. ئەگەر دژەســـتراتێژی خەڵک دابەشکردنی هێزەکانیان بێت، و گەڕەکەکان لەلایەن خەڵکەوە کۆنترۆڵ بکرێن و بەرەنگاری لە گەڕەکەکانـدا پەرە بستێنێت، دوژمـــن هێزی خۆی بەسەر گەڕەکەکـــاندا دابەش بکات، شکست دێنێت.

### نەسڵی دیجیتاڵ

شۆڕشی ژینا شۆڕشی نەسڵی دیجیتاڵی ژێر ٢٠ ســاڵە کە تـرس و دڵەڕاوکێ نـاناسن و هیچ تێگەیشتنێکیان بۆ ژین-جیهانی کۆن و کاتـــبەسەرچـــوو نییە. ژین-جیهانی ئەوان نـــوێ و پێشکەوتـــوو و داهێنەرانەیە و خەون و ئاوات و ئامانجەکانیان بە شێوازی سەدەی ٢١ دەهۆنـــنەوە. جیهانی ئەوان جیهانی خۆشی و شـــادییە و دەزانـــن بۆ ئەوەی پێی بــگەن دەبێ سەروەری بەدەســـت بهێنن. دایک و بـــاوکان و نەسڵەکانی پێشوو نەیانتوانی جیهانێکی جـوان بۆیان بـــخوڵقێنن، ئێستا کە خۆیان هـــاتـــوونە مەیدان بۆ جیهانێکی جـــوان بۆ خۆیان و نەسڵی داهــاتـــوو لە هەمیشە زیاتر پێویستیان بە پشتگیری هەیە.

### بەشداریی جەماوەری

نەســـڵی پێشوو بەداخەوە بە ڕاپەڕینەکانی خۆیان جیهانی نەسڵی ئێستایان تـارێکتر کرد. بۆ قەرەبــووی ئەو خەســـارانەی کە بۆ نەسڵی ئێستا بەرهەمـــمان هێناوە نەک نابێ بێدەنگیان بکەین، بەڵکو بە گشت هێز و تـــوانــــانە دەبێ لەگەڵیان بێین بۆ مەیدان. ئەوان لەگەڵ ئێمە هێزی شۆڕش و گۆڕانن.